سودانی بەدواداچوون بۆ دەسپێکی قەرەبووکردنەوەی شلب دەکات و جەخت لەسەر پشتیوانی بۆ کشتوکاڵی خەماڵی دەکاتەوە

سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی پێشوازی لە نوێنەرانی جووتیاران و بەرهەمهێنەرانی شلب لە پارێزگاکانی نەجەف و دیوانیە و موسێنا دەکات

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران ڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتابع کەوتووە بڕیاردانی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ چوارشەممە، پێشوازی کرد لە نوێنەرانی جووتیاران و بەرهەمهێنەرانی شلب لە پارێزگاکانی نەجەف و دیوانیە و موسێنا، بۆ ئامادەبوونی هەریەک لە ئیندامانی ئینجومەنی نوێنەران نازم شبلی و حەمید شبلاوی و سەعد ئیلتیبی و بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ و بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان لە وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکان.

وتیشی لە میانی دیدارەکدا باس لە دۆخی کشتوکاڵی هەر سێ پارێزگاکە و ڕێگاکانی باشترکردنی کرا، لەوانەش پلانی کشتوکاڵی زستانە و تێپەڕاندنی ئاستەنگەکانی بەردەم جووتیاران و بەرهەمهێنەران. هەروەها هەوڵەکانی حکومەت لە بواری ئاودێری و ژێرخانی پاپشتیکردنی کەرتی کشتوکاڵ لەو پارێزگایانە تاوتوێ کرا.

سودانی بەخەرهاتنی ئامادەبووانی کرد، جەختی لە پاپشتی بەردەوامی حکومەت کردەوە بە کەرتی کشتوکاڵ و پشکشکردنی هەموو جۆرە هاوکارییەک بە جووتیاران بۆ جێبەجێکردنی پلانی گەشەپێدانی کشتوکاڵی بەردەوام و بەدیهێنانی ئاسایشی خۆراک لە سەرتاسەری وڵاتدا.

سەرۆک وەزیران فەرمانی کرد پارێزگاکانی دیوانیە و موسەبا ناردنی لیستی ناوی ئەو جوتیارانەی کە قەرەبووی ساڵی 2023 دەیانگرێتەوە تەواو بکەن و بینێرن، ئەمەش دوای ئەوەی پارێزگای نەجەف ناردنی ناوی جووتیارەکانی تەواو کرد، بە ئەوەی بخرێتە بەردەم ئینجومەنی وەزیران و بڕیاری لەسەر بدرێت، دوای ئەوەی لیژنەی فەرمانی دیوانی ژمارە (250480)، کە لە 13ی نیسانی 2025 دەرچوو، ڕاپەرتی قەرەبووکردنەوەی جێی جووتیارانی بەرهەمهێنەری شلەبی تەواوکرد.